# پێغەمبەر (د.خ) پێشەنگێکی چاك

## رسول الله القدوة الحسنة

گەورەیی پێغەمبەری خوا لەوە دەردەکەوێت، کە لە هەر رووێکەوە سەیری دەکەی نمونەی هەرە بەرزو جوانی پێشەنگیە، باشترین کەس بۆ ئێمەی موسڵمان کە بۆ ژیانی دونیاو سەرفرازبوون لە قیامەت لێی بروانین پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت).

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز ئەو راستیەمان بۆ بەیان دەکاو دەفەرموێت: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا) الأحزاب: ٢١. هەروەها دەفەرموێ: (مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَن تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا) النساء:٨٠.

لە گەڵ مانگی مولودی پێغەمبەری خۆشەویستمان بابەتێکی گرنگ باس دەکەین کە پەیوەستە بە ژیانی هەر یەك لەئێمەی موسڵمان، ئەویش بابەتی لاسایی کردنو چاولێکردن لەپێغەمبەرمانو دانانی وەك پێشەنگی کاروانی ژیانمان.

ئاشکرایە هەر مرۆڤێك بە سروشتی خۆی حەز بە لاسایی کردنەوی کەسێك دەکات جا لە هەر بەشێکی ژیاندا بێت، بەڵام ئێمەی موسڵمان جیاوازین خوای گەورە پێغەمبەری هەڵبژاردوو بۆ ئۆمەتێکی لەم بوارەدا، واتە ئەوەی رەزامەندی خواو بەختەوەری دوا رۆژی مەبەستە، ئەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پێشەنگو رابەرو زامنی ئەو پایەو مەقامەیە. پێشەوا ئبن کەسیر لەتەفسیری ئەم ئایەتدا دەفەرموێت: (هذه الآية أصل كبير في التأسي برسول الله في اقواله وافعاله واحواله). حەکیمی تورمزی دەڵێت: "الاسوة في الرسول الاقتداء به والاتباع لسنته وترك مخالفته في قول وفعل فمتابعة الرسول تجب على كل مؤمن حتى يتحقق رجاؤه ويثمر عمله".

بۆیە چاو لە پێغەمبەر کردنو پابەندیو ئیقتیدا بەو زاتە هەموو کەس و سەرجەم بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

بۆ نمونە حەزرەتی عائیشە دەگێرێتەوە (حديث عائشة -رضى الله عنها- قالت: ما ضرب رسول الله صلى الله عليه وسلم شيئاً قطُّ بيده، ولا امرأةً، ولا خادماً، إلا أن يجاهد في سبيل الله، وما نيل منه شيء قطُّ فينتقم من صاحبه إلا أن يُنتهك شيء من محارم الله، فينتقم لله تعالى) رواه مسلم.

رەوشتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە نێو خێزاندا دەبێت دایكو باوان بیکەنە پێشەواو پێشەنگو لاسایی بکەنەوە، کە نابێت ستەم لە منداڵەکانی خۆیان بکەن، بەڵکو پێویستە پەروەردەیەکی موحەمەدیان بکەن.

لە بواری کۆمەڵایەتی دا بزانن حەزرەتی خەدیجە کە ١٥ ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی ژیانی هاوسەرێتی لە گەڵ بردە سەر چۆن وەصفی حەزرەت دەکات تا ببێتە نمونە بۆ بەهێز کردنی کەسایەتیمان.

کاتیٚ پێغەمبەر تازە لە ئاسمانەوە پەیامی پیٚ گەیشتبوو هەستی بە دڵەراوکیٚو ترس دەکرد دەگەڕێتەوە ماڵ باسی خۆی بۆ خێزانی دەکات، بەڵام حەزرەتی خەدیجە چۆن بەم چەند وشەیە فێرمان دەکات: (كلا والله لا يخزيك الله ابدا انك لتصل الرحم وتحمل الكل وتقري الضيف وتكسب المعدوم وتعين على نوائب الحق) رواه البخاري

پاشان وانەیەکی گرنگ فێر دەبین لە وڵام نەدانەوی کەسانێك کە ئازارمان دەدەن! نمونەی ووشە جوانەکانی لە گەڕانەوی لەشاری تائیف دوای لێدانیو ماندوو کردنی دەیفەرموو: (اللهم اغفر لقومي فانهم لايعلمون)رواه البخاری.

ئەو گەورەترین مرۆڤ بوو کە بەندایەتی بۆ خوای تاكو تەنها کردو سەرجەم پایەکانی بەندایەتی بری، بۆیە دڵی تامەزرۆی پەرستنی خوای گەورە بوو، توانەوە لە نزاو پارانەوە، خۆی زۆر ماندوو دەکرد لە پەرستندا.

بۆیە لە ژیانی مرۆڤایەتی دا کەسێکی بیٚ وێنە بوو کە توانی بەرزترین پلەی روحی بە ماندوو بوون لە عیبادەت و پەرستندا لە هەمان کاتدا بەرزترین کەسایەتی بوو لە کارو چالاکی گەیاندنی پەیامی خوای گەورە.

ئێمە دەبێت وابین نابێت تەنها لایەنێکی ژیانی لاسایی بکەینەوە دەبێت پەرستنی سوننەتی لە ژێر سێبەری کیتابو سونەت لەگەڵ ئەمەشدا ژیانی خۆمان پر کەین لەکاری ناوازەو پاكو باش بۆ کۆمەڵگاو وڵاتو نیشتیمان.

لە گەورە رەوشتەکانی کە جێگەی بایەخن نابێت مرۆڤی موسڵمان لێی بیٚ ئاگا بێت:

حەیاو وەفادارو بەئەمەك و سەخی و دەست کراوە خاوەن رێزو و حورمەتو خۆ بەکەم زانو دەستی هاوکاری بۆ هەموان درێژ بووە.

کەواتە لە گەشتو سەفەرو ماڵو خانەوادەو لەکاتی ئاشتیو شەڕو لەگەڵ خواپەرستیو موعامەلاتدا، لە خەسڵەتی کەسیو تایبەتی لە گفتوگۆو قسەنەبڕین بە بەرامبەرو گوێراگرتنو خولقو لوتف خۆشیو بزەو خەندەی لێوانی، هەواڵپرسی دۆستو دەرو جیران و راوێژو ئیسڵاح و گۆرانکاریو نەرمونیانیو سینگفراوانیو حیکمەتو دووربینیو رێزگرتنی بەرامبەرو تەنانەت لە ئیدارەو بەرێوەبردندا نمونەی بەرزی پێشەنگیو مامۆستایەکی پایەبەرزو خاوەن پێگەو تایبەتمەندی بووە.

ئبین حەزم لەو بارەوە دەڵێت: (من أراد خير الأخرة وحكمة الدنيا وعدل السيرة والإحتواء على محاسن الأخلاق كلها، وإستحقاق الفضائل بأسرها، فليقتد بمحمد رسول الله- صلى الله عليه وسلم- وليستعمل أخلاقه وسيره ما أمكنه).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا قسەو ناخ و کردەوەی یەك بووە، راستگۆیی لە وتارەکانیو کردارەکانی رەنگی داوەتەوە، بۆیە هیچ جیاوازیەك نابینی لە هەر فەرمودەیەك کە فەرمویەتی لە گەڵ ژیان و رەوشت و هەڵسوکەوتدا، رێك ئەخلاقی وەك قورئان بووە. بۆیەش خوای گەورە دەفەرمویٚ: (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)القلم: ٤. هەروەها خۆیشی دەفەرمویٚ: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ صَالِحَ الْأَخْلَاقِ).

بۆیە هەر کەسیٚ لاسایی بکاتەوەو شوێن رێبازو رفتارو هەڵسوکەوتەکانی بکەوێتو بە پێشەنگی خۆی دابنێت ئەوا: جوانترین رەوشتی لیٚ کۆدەبێتەوەو زۆرترین چاکەی دەست دەکەویٚ. جوانترین خێزانو باشترین باوكو چاك ترین کەسی لیٚ دەردەچێت. جوانترین پەیام و فەرمانەکانی خوا جیٚ بەجیٚ دەکات. سەرکەوتووی هەردوو دونیا دەبێتو بەر شەفاعەتی رسول الله دەکەوێت.

اللهمَّ ﷺ صَلِّ ﷺ وَسَــلِّمْ ﷺ وبَارِك ﷺ على ﷺ نَبِيِّنَـــا ﷺ مُحمد ﷺ